# عیراقیکی ئازاد یا داگیر کراو؟

**عوسمان حاجی مارف**

لەو ساتەی دەولەتی ئەمریکا بریاری دا هیرش کاتە سەر عیراق، پاشان ئەم بریارەی لە شەرێکی خویناوی‌و ویرانکاریدا بە جێ گەیاند، لە تەواوی دنیادا راگەیاندرا هیزەکانی دەولەتی ئەمریکا عیراق داگیر دەکەن، هەتا خودی دەولەتی ئەمریکاو ریکخراوی وولاتە یەکگرتووەکان ئەو راستیەیان درکان کەم ئەم هیرشە سەربازی‌و بۆم بارانکردنەی عیراق، داگیر کردنی عیراقە لە ژیر ناوی قەلاچوکردنی تیروریستاندا.

بە لام تەنها هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لە کوردستاندا ئەم هیرشە درندانەیان نازناو کرد رزگارکردنی عیراق!، تائیستاش یەکیتی نیشتمانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان‌و سەرانی ئەم دوو حیزبە، بە هەموو کارەسات‌و ویارنبونیکی عیراقەوە، بە فراوان بون‌و زیاد بونی دەوری ئیسلامی سیاسی‌و تیرۆرستانەوە، کاتێ باس لە هیرش‌و حزوری هیزەکانی دەولەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەکەن، بە رزگارکردنی عیراق‌و هیزی رزگارکەرو شادی هین وەسفیان دەکەن.

رادەی بەرژەوەندی‌و چاوچنکۆکی ئەم دوو حیزبە بەجۆریکە دەولەتی ئەمریکا بۆ خۆی دەلیت عیراقم داگیر کردووە، بەلام ئەم دوو حیزبە دەفەرمون نەخیر هەر ئازادی کردووە!.

وا نزیك بە سێ سال دەچیت رۆژ لە دوای رۆژ وەزعی عیراق نالەبارترو ناجیگیرترو ویران تر دەبیت، خەلکی شارەکانی عیراق بە تەوس‌و بیزاری نارەحتیەوە گالتە جار بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی عیراق دەکەن، بە هەر حەرکەتیکی نەگونجاو ئاژاوەو دەردی سەر دەلین "ئا ئەمەیە ئازادی‌و دیموکراتیەت"، بەلام سەرانی دوو حیزبەکەی کوردستان بە شانازی‌و سەربەزیەوە ئەم داگیر کردنە دەکەنە ئازادی‌و رزگاری، بە نیازن‌و لە هەولی ئەوەدان نمونەی چەند سالی حاکمیەتیان بفرۆشنەوە بە هیزە ئیسلامیەکانی دەسەلاتدار لە دەولەتی عیراقدا، رۆژانە وا راەگەیەنن کە سەبرو تەحەمولمان بیت ئەم ئازادی‌و رزگاریە رۆژیك لە عیراقی فیدرالدا هەر دەسەلمیت‌و پێ‌ی دەگەین.

مەسەلەکە رۆشنە ئەم هیرشە ویرانکەرە بووە مایەی خۆ فرۆشتنی تەواوی ئەم دوو هیزە کوردیە بە دەولەتی ئەمریکاو دەستکەوتی علوجی بۆیان، لەم زەمینەیەشەوە دەبیت هیزەکانی ئەمریکا بکەنە خەیالی پاراستن‌وئاسۆو ئومیدی خەلکی کوردستان، لەم ریگەیەشەوە بە هەر قیمەتیك بیت دەسەلاتی خۆیان لە کوردستاندا بپاریزن، تا بتوانن بەلأبن بەسەر سەرو مال‌و ژیانی خەلکیەوە ، ئیتر چارەونسی خەلکی هەرچی بەسەر دیت لە زهن‌و نەخشەی ئەماندا جیگەی نەبۆتەوەو نابیتەوە.

ئاخۆ ئەو رۆژەی هیزەکانی ئەمریکا بە نارەزایەتی‌و هیزی خەلکی ئازادی خواز دەکرینە دەرەوەو عیراق ئازاد دەکریت، ئەم دوو حیزبە کوردیە چ بانگەوازیك دەکەن چ تەعبیریك لە هەکبەی کۆنەپەرستیاندا دەهیننە دەرەوە، تۆ بلیی‌ێ پیمان بلین "عیراق داگیر کرا"، بۆخۆم وا بیر دەکەمەوە کە ناتوانن هیچ بلین، چونکە ئەم جارە بە نەمانی دەوری ئەمریکا، ئەو دوو حیزبە مۆمی هەلسورانی سیاسیان دەکوژیتەوە، مەگەر تەنها لە پال سیبەری تیرۆریستاندا سەر دەربهیننەوە.

خەلکی کوردستان دەبیت چیتر چاوەروانیان لەم دوو حیزبە نەبێ، دەستخەرۆی سیناریۆکانیان‌و شانازیان بە ئەمریکاوە نەبن، بە ئاشکرا دەبینین ئەم دوو حیزبە هەر ئەو کاتەی دەولەتی ئەمریکا بە هیزی ئازادی خوازو رزگار کەر وەسف دەکەن، بەلام هیچ وەخت جورئەتی ئەوەیان نییە لە بەردەم حزوری دەولەتی ئەمریکادا ناوی جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهینانی دەولەت لە کوردستاندا بەرن.

ئەم ئازادی‌و رزگاریە گەرمەی دەولەتی ئەمریکا پیمان دەبەخشیت، گەر خۆمان فریا نەکەوین، بە دەست‌و دەوری ئەو دوو حیزبە بیت، کوردستانی رزگارکراویش دەبیتەوە بە شیك لە عیراقی "ئازادکراوی" وێرانبوی ژیر دەستی هیزەکانی دەولتی ئەمریکاو دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا، بۆیە ریگای واقعی‌و گونجاو بۆ گرێ نەدانی

کوردستان به عیراقەوە، خەباتە بۆ خواستی جیابونەوەی کوردستان و پیکهینانی دەولەتیکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی، ئەم خواستە بەر هەقەی خەلکیە کە لە بەرژەوەندی خەلکی کوردستان و ئازادی خوازانە، بەلام بە زیانی بەرژەوەندیەکانی دوو حیزبی دەسەلاتدارە لە کوردستاندا، بەرزکردنەوەی دروشمی جیابونەوەی کوردستان بە شێکە گرنگی خەباتە بۆ رزگاری عیراق.